گەنجێکی سووری لە هووباری خابوور لە سنووری ئیدارەی زاخۆ خنکا و گیانی لەدەستدا



شەوی سێشەممەی ڕابردوو (18ـی حوزەیرانی 2024)، بەرگریی شارستانیی زاخۆ بڵاویکردەوە، ئەمشەو لە ڕووداوی خنکانی گەنجێک لە ڕووباری خابوور و نزیک گوندی شینئاڤا لە ناحیەی ئزگاری ئاگادارکراونەتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی بەرگریی شارستانیی زاخۆ، گەنجە خنکاوەکو تەمەنی 29 ساڵ و ناوی (یـ.س.ن)یە، خەڵکی وڵاتی سووریایە دوای ئاگادار کردنەوەی بەرگریی شارستانیی زاخۆ، تیمەکان گەیشتوونەتە سەر ڕووبارەکە و دەستیان بە بەدواگەڕان کردووە، توانیان تەرمی گەنجە خنکاوە لە ئاودا بدۆزنەوە و بیگوازنەوە داد پزیشکی زاخۆ.